# سوور ب لسر زر سوجد بردن ب خوا ور؛ ون ت هر سوجد ببت ئوا خوا ور ل برزت داتو، وتاوانت لسر لا ددات

لە مەعدان کوڕی ئەبی تەڵحەی ئەلیعمریەوە دەڵێت: گەیشتم بە سەوبان (بەندەی ئازاد کراو لەلایەن پێغەمبەری خوداوە -صلی الله علیه وسلم-، ووتم: کردەوەیەکم پێ بڵێ ئەگەر بیکەم خوای گەورە بەهۆیەوە دەمخاتە بەهەشت؟ یان دەڵێـت -ووتم-: خۆشەویستترین کردەوە لەلای خوای گەورە، (سەوبان) بێدەنگ بوو. پاشان پرسیارم لێکرد، هەر بێدەنگ بوو، پاشان سێیەم جار پرسیارم لێکرد، ووتی: ئەم پرسیارەم کرد لە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- ؛ فەرمووی: «سوور بە لەسەر زۆر سوجدە بردن بۆ خوای گەورە؛ چونکە تۆ هەر سوجدەیەک ببەیت ئەوا خوای گەورە پلەیەک بەرزت دەکاتەوە، وتاوانێکت لەسەر لا دەدات». مەعدان دەڵێت: پاشان گەیشتم بە ئەبو دەردائـ هەمان پرسیارم لێکرد، ئەویش وەکو سەوبان وەڵامی دامەوە.
[صەحیحە] [موسلیم گێراویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- پرسیاری لێکرا سەبارەت بە ئەو کردەوەی کە دەبێتە هۆی چوونە بەهەشت یان پرسیاری لێکرا سەبارەت بە خۆشەویستترین کردەوە لەلای خوای گەورە؟ پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بە پرسیارکاری فەرموو: زۆر سوجدە ببە بۆ خوای گەورە ئەمیش بە زۆر ئەنجامدانی نوێژ، چونکە تۆ هەر سوجدەیەک ببەیت ئەوا خوای گەورە پلەیەک بەرزت دەکاتەوە، وتاوانێکت لەسەر لا دەدات.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3732